www.kurdistannet.org
27-2-2006 11:45 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## مێژوو .... ئەندازیار: نەریمان مەلا محمد گەلاڵی



میللەتێک بۆ ڕەچەڵە کی خۆی دەگەڕا
تا بیکاتە ناوونیشان
پاش گەڕانی سەدان ساڵ
بە و هەموو بارە گرانەی
پڕ لە ئازاری سەر شان
لە بەحری خوێن، دەریای فرمێسک
لەو قەڵایانەی دروست کرابوون
لە کەللەی سەرو لە ئێسک
لە هەموو شوێنێکی ئەم زەویەوە
تا سەرەداوێکیان لە میدیاو
چەند لاپەڕەیەکیان لای زەردەشت دۆزیەوە
کە لەو لاپەرانە جوان وورد بوونەوە
بینیان بە ڕوونی لێی نووسراوە
مێژوو لە یەکەم چرکەی هەر
داهێنانێکەوە دێتە ئاراوە!!
ئینجا بڕیاریاندا
کە بەخۆیاندا بێنەوە
بۆ ئایندەی نەوەکانیان لە خەبات بن
نەسێنەوە!